شاندکی باڵای حکومەتی هەرێم گەیشت بەغداد

ئەمڕۆ یەکشەممە شاندکی باڵای حکومەتی ماوە بەدرێژکراوی هەرێمی کوردستان، بە پرسی مووچە و بودجە سەردانی بەغداد کرد، سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئینجوومەنی وەزیران لەوبارەیەوە ڕایگەیاند، "دانیشتنەکان لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق دەبێت".

شایەنی باسە، لە دوو هەفتەی ڕابردوودا وەزارەتی دارایی عێراق بڕی 761 ملیار دیناری بە مووچەی مانگی 10 بە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم نارد، بەڵام وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە نەبوو مووچەی مووچەخۆران و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابەش بکات.

بەگوێرەی زانیارییەکان، شاندکەی حکومەتی هەرێم کە سەردانی بەغداد دەکەن پێکهاتوون لە ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی و ئابووری، ئومێد سەباح، سەرکی دیوانی ئینجوومەنی وەزیران، ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئینجوومەنی وەزیران، و عەبدولحەکیم خەسرەو، سەرکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، لەگەڵ ژمارەیەک بەڕێوبەری گشتی.